family and child connect

Kurdish (Sorani)

# پەیوەندی بکە بەو خزمەتگوزاریانەی کە دەتوانێت یارمەتیت بدات

## چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین

منداڵان پێویستیان بە سەقامگیریە بۆ پەرەسەندن و گەورەبوون بەرێگای تەندروست و ئەرێنی، تەنانەت کاتێک خێزانەکانیان رووبەرووی ئاڵنگاریش دەبنەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی گرنگە لە ساڵانی بەرایی منداڵ دا.

Family and Child Connect لێرەیە لەبەر تۆ ئەگەر پێویستت بە پشتگیریە. دەتوانین بە خزمەتگوزاریە لۆکاڵیەکانەوە تببەستینەوە بۆ یارمەتیدانت:

- هەڵسوکەوتی منداڵەکەت بەرێوەدەبات
- پەیوەندی باشتری خێزانی دروستدەکات
- توندوتیژی خێزانی رادەگرێت
- بودجە و پارە دەبات بەرێوە
- گرفتەکانی خواردنەوەی کحول و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر و قومارکردن چارەسەر دەکات
- دەستیرادەگات بە خزمەتگوزاری خانوو دابینکردن و بایەخی تەندروستی یاخود خزمەتگوزاریە جڤاتی و حکومیەکانی دیکە.

خزمەتگوزاریەکانی Family and Child Connect لەلایەن ئەوو رێکخراوە لۆکاڵیە متمانەپێکراوانەوە فەراهەم دەکرێت کە خاوەن ئەزموونن لە کارکردن لەگەڵ خێزانەکاندا.

دەتوانیت ئەم خزمەتگوزاریە بەکاربهێنیت تاچەندێک پێویستتبێت.
هیچ سنورداری و تێچونێک تێدا نیە.

## چی روودەدات کاتێک پەیوەندیمان پێوەدەکەیت؟

کاتێک پەیوەندیمان پێوەدەکەیت لەگەڵ کارمەندێکی بەئەزموونی پشتگیری خێزانیدا قسە دەکەیت کە گوێ لە نیگەرانیەکانت دەگرێت و هەڵسەنگاندن بۆ باورودۆخی خێزانەکەت دەکات. هەر خێزانێک جیاوازە، هەربۆیە کاتێک قسەمان لەگەڵ دەکەیت، ئەوو ئامۆژگاری و پشتگیریە دەکرێیت کە تایبەتە بە بارودۆخەکەتەوە.

رەنگە بتوانین لەتەنها یەک پەیوەندی تەلەفۆنیدا یارمەتیت بدەین، جائەگەر بە پێدانی ئامۆژگاری بێت یاخود رەوانەکردنت بۆ خزمەتگوزاری پاڵپشتیکردن. دەتوانین سەردانت بکەین لەماڵەوە - یاخود لە شوێنێکی سەلامەتدا - بۆ گفتوگۆکردن. هەر کاتێک پێویستبێت، دەتوانین بەپەلە خێزانەکان ببەستینەوە بە خزمەتگوزاری توندوتیژی خێزانی.

## چۆن دەتوانیت یارمەتی کەسانی دیکە بدەیت

ئایا نیگەرانیت سەبارەت بە کەسێکی دیکە، وەک منداڵە هەرزەکارەکەت، نەوەکانت، خێزانێکی ناو قوتابخانەکەت یاخود هاورێیەکی سەر کارەکەت؟ دەتوانیت بەهەمان شێوە یارمەتیان بدەیت تاوەکو ئەوو پشتگیریەی پێویستیانە بەدەستی بهێنن.

دەستبکە بە گفتوگۆ لەگەڵیان و هانیان بدە پەیوەندی بکەن بە Family and Child Connect بۆ ئامۆژگاری و پشتگیری بەژمارە تەلەفۆنی 64 32 13. رەنگە یەکەم هەنگاویان بێت بۆ بەدەستهێنانی ئەوو یارمەتیەی پێویستیانە.

## پەیوەندیمان پێوەبکە

منداڵان گەشەدەکەن کاتێک خێزانەکانیان ئەوو پشتگیریەیان هەبێت کە پێویستیانە. ئێمە لە خزمەتگوزاری Family and Child Connect ئەوە دەزانین کە بەرێبەریکردنی دروست دەتوانیت بەسەرکەوتوویی تێپەریت بەنێو ئاڵنگاریەکانی ژیاندا و پشتگیری لەمنداڵەکانت بکەیت بۆ ئەوەی گەشەبکەن بەشێوەیەکی تەندروست و ئەرێنی.

خزمەتگوزاریەکەمان تایبەت و نهێنی و خۆرایی و شایستەی پەیوەندی پێوەکردنە.

**تەلەفۆن: 64 32 13**
**ماڵپەر: familychildconnect.org.au**

## خزمەتگوزاری Family and Child Connect ئەمەیە:

............................................................................................................

............................................................................................................

............................................................................................................

Interpreter

## پێویستت بە وەرگێر هەیە؟

ئەگەر پێویست بە وەرگێرێک هەیە، دەتوانین بەخۆرایی وەرگێرێکت بۆ دابینبکەین. تەلەفۆنمان بۆ بکە بەم ژمارەیە **13 32 64** پێمان بڵێ چ زمانێکت پێویستە.

Funded by

Queensland Government

0869_MARCH2021